Research Center

28-01-2023

# لێکەوتە سیاسییەکانی دوایین بڕیاری دادگای فیدراڵی لە بەغدا و هەولێر

28-01-2023

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** دادگای فیدراڵی بە بڕیارێکی نوێ (١٧٠/اتحادية/٢٠٢٣) گورزێکی گەورەی لە رێککەوتنێکی سیاسی نێوان حکومەتی سوودانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دا (بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان)، چونکە دادگاکە رەوانەکردنی گوژمەپارەی وەك پێشینە لە بەغداوە بەیەکجاری و بەشێوەیەکی بنجبڕ راگرت

دادگای فیدراڵی بە بڕیارێکی نوێ (170/اتحادية/2023) گورزێکی گەورەی لە ڕێککەوتنێکی سیاسی نێوان حکومەتی سوودانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دا (بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان)، چونکە دادگاکە رەوانەکردنی گوژمەپارەی وەك پێشینە لە بەغداوە بەیەکجاری و بەشێوەیەکی بنجبڕ راگرت. ئەم بڕیارە کە هاوشێوە و پشتڕاستکەرەوەی بڕیاری دژ بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی کوردستانە (15ی شوباتی 2022)، دەرگای لەسەر چارەسەرە کاتییەکان بۆ کێشە داراییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان داخست، بەمەش لە ڕووی تیۆرییەوە چارەی دیکەی نەماوە جگە لە هەوڵی چارەسەری کێشە کەڵەکەبووەکان لەڕێگای یاساکانی بودجە و نەوت و گازی فیدراڵی.

بڕیارەکەی دادگا ئەگەرچی حوکمێکی دادوەرییە، بەڵام دوور نییە لە کەشی سیاسی و باسی سیاسەت و بە ناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکات کە ڕێککەوتنە سیاسییەکان و تەنانەت بڕیارە حکومییەکانیش سەنگ و بەهایان نییە، ئەگەر لە یاسا پەسەندکراوەکانەوە سەرچاوەیان نەگرتبێت کە نەخشەڕێی بەردەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردنن. لە وەردەکاری جێبەجێکردنی یاسا داراییەکانیشدا دادگاکە وەزارەتی دارایی سەرپشککردووە، بەگوێرەی خەمڵاندن و داتاکانی بەردەستی بڕیار لە خەرجییەکان و گوژمەی پارەکان بدات، بەمەش بۆ لەمەولا قسەی یەکەم لە پرسە داراییەکان بۆ سامیە تەیف وەزیری دارایی دەبێت کە بە کردەیی هەر ئەوەیکردووە.

هەمیشە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی جێگەی مشتومڕن، ئەم بڕیارەی دواییش بەشێوەیەکی زیاتر، چونکە باسی ڕێکاری کارگێڕییە کەچی لە دادگای فیداڵییەوە دەرچووە و هەندێك پێیانوایە پسپۆڕی "دادگای کارگێڕی" یە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەگوێرەی دەستوور بڕیار و حوکمەکانی دادگاکە قابیلی تێهەڵچوونەوە نییە، هەموو رەخنە و تانەکان هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕن و لەپاش دەرچوونی بڕیارەکەش پرسیاری سەرەکی لەڕووە سیاسییەکەیەوە چارەنووسی پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر و، بارودۆخی ناوخۆیی هاوپەیمانی "ئیدارەی دەوڵەت"ـە کە بنکەی سیاسی حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی و راگرە پەرلەمانییەکەیەتی. ئەم هاوپەیمانییە جگە لە رەوتی سەدر سەرجەم لایەنە شیعە سەرەکییەکان و هەردوو هێزە کوردییە سەرەکییەکە (پارتی و یەکێتی) و هەردوو هاوپەیمانییە سوننەکە (سیادە و عەزم)ی تێدایە.

لە یەکەم کاردانەوەدا لەسەر بڕیارەکە، بارزانی، داوای لە لایەنەکانی "هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت" کردووە هەڵوێستیان لەمەڕ بڕیارەکەی دادگا هەبێت لە سۆنگەی ئەوەی کە شێوێنەری کەشی ئەرێنی نێوان هەولێر و بەغدایە. هەروەها کاتەکەی ناسازەو لە نێوەڕۆکیشدا "دژی مافی هەرێمی کوردستانە"، بەڵام لەبەر گوشاری شەقام و لەبەر هاوبۆچوونی زۆربەی لایەنەکان لەگەڵ نێوەڕۆکی بڕیارەکەی دادگا، چاوەڕوان ناکرێت هیچ یەك لەلایەنە کاریگەرەکان بچنە ژێر باری رەخنە و گازندە لە بڕیارەکە یان لەگەڵ دادگاکەدا بکەونە کێشەوە، بەتایبەت کە ئەرکی سەرشانی هێزە حوکمڕانەکانی عێراقی ئاسان کردووە بۆ دەربازبوون لە هەر پابەندییەك کە لەکاتی تەنگانەی پێکهێنانی حکومەت و لە میانەی قۆڵ بادانی رەوتی سەدردا لەسەر خۆیان دانابوو. لەم حاڵەتەشدا چاوەکان لەسەر ئەوەن کە پاش ئەوە هەنگاوی دووەمی بارزانی چی دەبێت؟ ئایا دەگاتە کشانەوە؟ یان هەوڵ دەدرێت لە یاسای بودجە و یاسا چاوەڕوانکراوەکانی نەوت و دادگای فیدراڵی، لێکەوتەی بڕیارەکان کاڵ بکرێنەوە وەك لە یەکەم کاردانەوەی ئەمینداری عەسایب قەیس خەزعەلیدا ئاماژەیەکی دووری پێ کراوە؟

هەر لەم میانەیەشدا دەرکەوتن و یەکلابوونەوەی رای فەرمی و یەکلایی یەکێتی وەك لایەنی کوردی دووەمی ناو هاوپەیمانییەکە، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بەتایبەت کە ئێستا بڕیاری کوردی لە هەولێر و بەغداش وەك جاران یەکگرتوو نییە.

بەرلە دوایین بڕیاری دادگای فیدراڵی "هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت" خۆی لە دۆخێکی باشدا نەبوو، لە نێو ماڵی شیعیدا ناکۆکی زۆر لە بارەی دابەشکردنی پۆست و چنینەوەی ئیمتیازەکان سەریهەڵداوە بەجۆرێك سەرۆکوەزیران ناچاربووە جگە لە راوێژکارە دامەزراوە جێگیرەکان، 13 راوێژکاری ئاشکرای دیکە بۆ خۆی دابمەزرێنێت، لە کاتێکدا کە بە گوێرەی یاسا تەنیا مافی شەشی هەیە. لەولاشەوە لەسەر پۆست و جومگە هەستیارەکان ناکۆکییەکان بەردەوام لە پەرەسەندان بەڵام هێندە هەیە فاکتەری ئێرانی و سێبەری سەدر ڕێگرن لە هەڵوەشانەوەی هاوبەندییە شیعییەکە. لەسەر ئاستی دیکە، سوننەکانیش خۆیان لە لایەنی کوردی زیاتر خۆیان بە مەغدوور دەزانن. هیچ لەو گفتانەیان بۆ جێبەجێنەکراوە کە بەهۆیەوە پشتیان کردە سەدر و حکومەتی چوارچێوەی شیعەیان خستە سەرپێ. بەمدواییانەش ئەوە دەرکەوت کە هەندێك لەو گفتانە لەڕوووی کردەییەوە ئێستا جێبەجێ ناکرێن. لەوانەش کشاندنەوەی حەشد لە شارە سوننەکان، هەڵوەشاندنەوەی دەزگای لێپرسینەوە و دادگەری (ڕیشەکێشکردنی بەعس)، گێرانەوەی ئاوارەکان و ئاشکراکردنی چارەنووسی بێسەروشوێن کراوەکان و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاریان و...هتد. ئەگەر ئێستا ئەم بڕیارەی دادگا، کوردیش بخاتە حاڵەتی کشانەوە لە هاوپەیمانییەکە، ئەوە هێندەی دیکە دۆخی شڵۆق و لەرزۆك دەبێت، لەکاتێکدا ئاستی پشتیوانی دەنگدەران لە کۆی نوێنەرایەتی سیاسی و پەرلەمانی لە خولی پێنجەمی پەرلەماندا زۆر زۆر نزمە.

لە بنەڕەتەوە و بەبێ هیچ کێشەیەکی ناوخۆیی، گرفت و لەمپەری زۆر دەوری بنکە سیاسییەکەی حکومەتی محەممەد شیاع سوودانیان داوە، لەلایەك قەیرانی دۆلار وەك شمشێری راکێشراو لەسەر گەردنییەتی و هەڕەشەی تەقینەوەی جەماوەریی لێدەکات، بەتایبەت پاش

خۆپیشاندانی بەردەم بانکی ناوەندی، لە لاکەی دیکە  نیمچە کۆدەنگییەك هەیە کە گەڕانەوەی سەدرییەکان بۆ سەر شانۆ سیاسی حەتمییە و تەنیا لەسەر کات و دەرفەت وەستاوە، هەر هیچ نەبێت لە دەروازەی هەڵبژاردنی چاوەڕووانکراوی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، دیارە ئەگەر لە دەروازەی تورەییەکانی دۆخی ئابوورییەوە نەبێت. ئەم دووو پێشهاتەش ئیرادەی سیاسی و چاکسازی و ئامادەکاریی زۆری دەوێت و ئەوەش بەتەنیا بە چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە ناکرێت کە ئێستا لە دڵەخورتێی مەرج و کۆت و بەندەکانی ئەمەریکا دایە.

بە گەڕانەوە بۆ لێکەوتەی بڕیارەکە لەسەر پەیوەندی هەولێر و بەغدا، سەرباری رەخنەکان، دەکرێت بڕیارەکە گوشارێکی بەهێز بێت بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەری درێژخایەنتر و بەردەوام بۆ پرسی نەوت و بودجە، چونکە بە کردەوە سەلمێنراوە چارەسەرە کاتییەکان ئەگەرچی ئاسان و بەردەستترن، بەڵام نابنە زامنی سەقامگیری دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان و هەمیشە لە ژێر نەشتەری سکاڵادا دەبن، بەڵام ئەوەش روونە ئەو چارەسەرە درێژخایەنە ئیرادە و بڕیار و پشوو درێژی و متمانەی پێویستە، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە بەغدا و پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا لە هەردوولا دەرفەتی بۆ رەخساوە؟